**نامە نامۆکان**



دانــــەر

نامەی پێنجەم

سەیرە چەند جار پێم وتی منت خۆش نەوێت دڵم لە ئاوێنە ئەچێت هەستم وەکو شووشە وایە بەرگەی ئازارەکانی شکاند ن ناگرم ئاگادارم کردی من پڕم لە نامۆیی بە مرۆڤەکانی ئەم کەونە ئێستاش گومان ئەکەم ئەمەی ئە ینوسم ووشە بێت.. تۆ بۆچی وا ئەیبینی؟! ئەمە دڵۆپەی فرمێسکە یّتە خوار لە چاوەکانم..ئەمە دڵۆپەی خوێنە لە دڵم ئەتکێ ..ئامادە بووم ئاوێتە بم بە هەموو ئازارەکانی دنیا بەڵام بە خۆشەویستی تۆ نا چونکە تۆ تایبەتیت لە لام ئاخر ئەترسم زۆر ئەترسم تۆش هەر لە مرۆڤەکانی تر بچیت ئەترسم دیسانەوە هەست بەوە بکەم کە کەس نی یە لە من بچێت ..تەنیایی پڕە لە هەناسەی ژیان ،بۆچی نا پێم باشترە دڵم لە تەنیایا نغرۆ بێت نەك شەهید بێت بە دەستی مرۆڤەکان ..چونکە ئەوکات ئەم دڵەی من شەهید ئەبێت و لە لێدان ناوەستێت ،شەهید ئەبێت و ترپەکانی هاوار ئەکات کەچی کەس نی یە بیبیستێت!..ڕۆحی من سەما ئەکات لە ئازارا کەچی چەپڵەی ئێوە لە دەنگی درۆ وون بووەکان ئەچێت کە لە پڕ ئەقیژێنێ...پێویست بوو ئەوە بزانیت کە هاتیتە خاکی دڵم هێمنی یەکە بپارێزیت بۆ ئەوەی بوومە لەرزە ڕوونەیات!..کە ها تیتە دەریای دڵم بزانی چۆن ئەدوێیت لەگەڵ شەپۆلەکان تا دووربێت لە هەڵکشا ن و داکشان !..کە هاتیتە ئاسمانی دڵم هەورەکان خەبەر نەکەیتەوە ئەوان بە بەنجی بمێنەوە تا بارانی لافاو دەست پێ نەکات!..سەیرە ئەو هەموو بەفرە نابینیت لە دڵی منا و بێ باکانە ئەتەوێت ببی بە خۆر!..بەڵێن نەبوو بیتوێنیتەوە نا هاوڕێ بەڵێن نی یە ڕەنگی سپی لە عالەمەکەی منا هەرگیز وون بێت تێ ئەگەی لێم!؟ ..

چەن سەیرە ئەو کاتەی زەمەن ئەوەستێت ترپەی دڵ چەن خێراتر ئەبێت! ئایا تێبینیت کردووە؟! سەیر تر ئەوکاتانەیە هەست ئەکەیت دڵت هی خۆت نی یە هی کەسێکی ترە کەچی لە پڕهەمان ئەو مرۆڤە ئەبێت بە کەسێکی تر !!!

ئایا ئەمە فەلسەفەی عەشقە لەسەر ئەم زەوی یە !؟ کە هەست و توانای مرۆڤەکان ئەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دڵە بێ خاوەنەکان!..ئیتر ئەوان حاکم و ئەوان بڕیاردەر لە چارەنوسی عاشقەکان بە یاسایەکی پێچەوانە !

هاوڕێ ئەمشەو هەوڵ ئەیەیت دەرگای دڵم بشکێنیت کە هەمووی شووشەیە خەمی ئەوەمە دەستت بریندار کات بێ باکم لە ئازاد بوونت بەو مەرجەی تۆ لە دەرەوەی ئێرە بتوانیت هەناسە بەیت،من پێم وتیت عەشق وەهمێکی پیرۆزە چاوەکانم پڕە لە خەم ئێستا وەك جاران پێ ناکەنێت کەچی تۆ پێت وتم: خۆشم ویستوویت وخۆشمئەوێیت!!!

چاوەڕوانی چ دەربەندێکی قەرەباڵغە ..چاوەڕوانی پڕە لە هەستی مانگرتوو پڕە لە جوانی یە شاراوەکانی یاخی بوون پڕە لە فەنابوون ..چاوەڕوانی چ پێکێکی تاڵی دەستی مەستێکی ووشیارە !..

ڕازە نهێنی یە کانی مانگ لە خەیاڵا مەستن ئەو کاتەی تۆ ئەتەوێت بە پەیامێك بە هەموو ئەستێرەکانا جواب بنێریت(( کە هەناسەیەکی من ناگۆڕیتەوە بە هەموو دنیا)) کەچی هەناسەکان وەك گەڵای پایز ئەبن بە تابلۆی خەزانێك و چوارچێوەیەك لە فیراق ئەیگرێتە خۆی !..

ئەی مرۆڤە نایابەکە مەرگ نزیکترە لە هەناسە،نزیکترە لە ترپەی دڵ !..

سلێمانی

دانـــــــەر